# پانۆڕاما... زنجیرەی دوازدە

## تێرۆر هەرگیز سەرناکەوێت

فەهد گردەوانی
هەرجارەی دەینووسێت



یەکەم... کەرکوک بۆ کێ...ئەگەر ئەو حکومەتە لاوازەی [نوری مالەکی] دان بە کورد بوون و کوردستانیەتی کەرکوک نەنێ ،کەی دادێت رژێمێکی دەسەڵاتدا و بە هێز لەخۆڕا خاک و شارێکت بۆ بگەڕێنیتەوە و ئاباری نەوتت بە خۆڕایی پێ ببەخشێت.کورد لەو حکومەتە لاوازە مافی خۆی وەرنەگرێت و چۆک بە ئەمریکا نەدات کە خاکی داگیرکرا و تەعریب کراوی وەربگرێتەوە، بە حەیاتی ناتوانێ لە دەسەڵاتداری عیراقی وەربگرێتەوە بە خۆشی و بە هێمنی بژیت.ئەو باسانە نابێت بۆ ماوەیەکی کورتیش دوابخرێت ،دواکەوتن واتە خۆ بەلاوز و هیچ هاتنە بەرچاو لەپێناوی مافە ڕەواکان .مەسەلەی کەرکوک و ناوچە بەعەرەبکراوەکان بەر لە هەموویان مەسەلەیەکی مرۆڤایەتی یە و نابێت دەسەڵاتداری کورد بازرگانی پێوەبکات و دواى بخات .

دووەم...تێرۆر لە کوردستاندا...ئەو رووداوانەی دوایی ، بەتایبەت ئەوەی هەولێر و ئەوەی مەخموور ،زەنگێکی خەتەرناکە کە دەبێت جەماوەری شارەکانی کوردستان ئاگاداری خۆیان بن لە پێناوی پاراستنی ئاسایی و هێمنی ناوچەکەیان ، ئەگەر چی رۆژانە کەسوکارمان لە کەرکوک و ناوچەکانی تەعریبکراو بەر شاڵاوی ئیرهاب دەبێتەوە ، بەڵام دەبێت دەسەڵاتداری کوردی پارێزگاری لەو خەڵکەش بکات کە بەبێچارە کەوتۆتە ناوچەی عێراقی کۆن.ئەو ئاسایکردنەوەیە دەبێت ئاسایشی کوردستان و پۆلیسی کوردستان هۆشیارتر بکاتەوە بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەو مێشک ژەنگاویانە دەسەڵاتی بۆگەنی خۆیان لەو ناوچانە پیادەبکەن.تێرۆر نەیتوانیووە گەلی کورد بەچۆک دابدات .رژێمی پێشوو بەرنامەی کوشتن و تێرۆری بەکار دەهێنا ، هەتا ئەنفاڵ و هەڵەبجە و جینوساید بۆی نەکرا لەناوی ببات.ئەو سیاسەتە نامۆیەی لەناو کوردەکان پیادە دەکرێت و خۆیان دەتەقێننەوە ،خو ورەوشت و کۆلتوری کوردان نی یە و کورد لێی بێبەری یە.

سێیەم... جارەکی تر زەلمای خەلیلزاد... ئەو دیپلوماسە ئەمریکی یە خۆی بە دۆستی کورد دەژمێری و هەردەم لە سەری رەش و دۆکان و قەڵاچۆلان لەگەڵ سەرکردایەتی هەردوو زلحیزب کۆدەبۆ وە و لەتەنیشت مامە و کاکە رادەوەستا یا دادەنیشت و پریسکۆنفرانسەکانی بەڕێوە دەبرد.خۆی ئەوەندە لە کورد نزیک کردبۆوە جارجارە بەشداری کۆبونەوەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسی دەکرد.لەو ماوەیە بۆ ئەوەی دڵسۆزی خۆی نیشان بدات داوای کرد کەرکوک بخرێتە ژێر چاودێری کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتوەکان[یوئین]ئەمەش دوا وەرەقەی سیاسەتی پۆخڵ و چەپەڵی ئەمریکایە لە دژی کورد و کوردستان .سەرکردایەتی کورد نابێت قەبووڵی بکات بۆ ئەوەی بەرژەوەندی ئەمریکا بەسەر بەرژەوەندی میللەتی کورد بکەوێت و دڵی تورکیاوئێران و ئوردن و سعودیا بە هەند بگیرێت و رەوا و مافی کوردیش بخرێتە زبڵدانی مێژوو. کورد دەبوایە سیاسەتی ریفرۆندۆمی بۆ کەرکویش قەبووڵ نەکردبایە چونکە کەرکوک بەبێ ریفراندۆم کوردستانی یە.خەلیلزاد بیەوێت و نەیەوێت دەبێت بزانێت کەرکوک کوردستانە و کورد بە ئاسانی دەستی لێهەڵناگرێت .خەلیلزاد دەبوایە دۆستایەتی خۆی بۆ کورد نیشان بدایە بەوەی میللەتێکە پێویستە سەربەخۆیی خۆی وەدەست بهێنێت نەک بۆ دڵخۆشکردنی ئەو وڵاتانە کورد بکاتە قوربانی هەروەکو کێسەنجەر وشای ئیران پیادەیان کرد.ئەوانە دەبێتە دەرسی سیاسی بۆ سەرکردایەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار و دەبێت بزانن دۆستەکانیان مەبەستیان لە دۆستایەتی کردنی کورد بە مەبەستی چی یە و بەرژەوەندی کورد لە کوێ وە دەست پێدەکات.







**چوارەم...نیکۆلا سارکۆزی و بەرنار کۆشنیر و ڕەشیدە داتی...** لەمێژووی فەرەنسای تازەدا، سەرۆکی تازە ، نیکۆلای سارکۆزی ،دوو بۆمبایگرنگی هاوێشت . یەکەم بەبێ گوێدانە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیای جیاواز ،دۆستی گەلی کوردو دۆستی شەهیدی نەمر دکتور قاسملۆ ، دکتۆر بەرنار کۆشنێری سۆسیالیستی کردە وەزیری دەرەوە و ژنە باکووری ئەفریقایی ڕەشیدە داتی {لە بابێکی مەغریبی و دایکێکی جەزائیری لە سان ریمی لە 1965/11/27 لەدایک بووە} کردە وەزیری داد.لە خۆپیشاندانە توڕەیی و نارازی یەکانی ئەمدواییەی فەرەنسا ، کە سارکۆزی وەزیری ناوخۆیی فەرەنسا بوو ، کاتێک پەنەهاندەکان و بیانی ییەکانی دانیشتوانی فەرەنسا لێی هەڵسانەوە.کاردانەوەی دووبەرەکی و ناخۆشی رویدا و بووە هۆی کوشتنی بێتاوان .لەو کاتەدا خەڵکی وایان لێک دەداوە سارکۆزی دژی پەناهەندەیە . ئەو ژنە داکوبابە بیانی یە واتە ڕەشیدە داتی بووە چاوساغی و کاری لەگەڵ سارکۆزی دەکرد.بەرنار کوشنێر [بەرنارد جۆن کۆشنێر 1939/11/1] دایکی پڕۆتستان و باوکی یەهودی یە.سەرتا ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا بووە ، وەزیری تەندروستی پێشوو و یەکێک بوو لە دامەزرێنەری [رێکخراوی پزیشکانی بەبێ سنوور] و نوێنەری کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو لە کۆسۆڤۆ لە نێوان ساڵانی 1999 ـ 2001 و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەناوبانگی فەرەنسا یە.سارکۆزی هاوار دەکات و دەڵێ ،لە پێناوی بەرژەوەندی فەرەنسا یەک لەشکرین .هەموو کەسێکی لێهاتوو و شارەزای کار ،بۆ دەوڵەت و خزمەتی فەرەنسا دادەمەزرێنین . ڕەشیدە داتی لە خێزانێکی هەژار لەدایک بووە. دایکی نەخوێندەوار و باوکی کرێکار بووە. لە ماڵەوە دوازدە[12] خوشکوبرا بوون. لەبەر دەستکورتی ، دایکوباوکی ڕەشیدەیان لە قوتابخانەی [کاتۆلیکی] داناوە بۆ ئەوەی خوێندن تەواو بکات. لە چواردەساڵانەوە دەستی بەکارکردن کردووە و کەلوپەلی خۆجوانکردن وئارایشی لەماڵان گەڕاوە و فرۆشتووە. پارەکەی هەندێک داوە بە دایکوباوکی بۆ بژێوی ژیان و هەندێکیشی بۆ کڕینی کەلوپەلی خوێندن خەرجکردووە.کاتێک دایکی وەکو خزمەتکار کاریکردووە ، ڕەشیدە یارمەتی داوە. لە تەمەنی شازدەساڵان کرێکاری تەلەفونات و پاشان وەکو یارمەتی دەری سیستەر[مومەریزە] لە عیادەکی پزیشکی کاریکردووە.پاش ئەوەی ئامادەیی تەواو دەکات ، دەچێتە دانشگای [دیجون]و ئابووری و ماف دەخوێنێت. ڕەشیدە ساڵی 2006 بووە ئەندامی حیزبەکەی سارکۆزی [یەکێتی لە پێناوی بزووتنەوەی گەلی ].فەڕانسو فیلۆن لومانس [1954/3/4] بۆ سەرۆکایەتی وەزیران دەستنیشان کرا. سارکۆزی بەبێ ئەوەی بەرژەوەندی فەرەنسا لەکەدار کات ،داوا دەکات کە تورکیا خۆی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵات بگونجێنی و واز لە یەکێتی ئەوڕوپا بهێنیت.سارکۆزی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوڕوپا ڕەتدەکاتەوە.

سەرکردایەتی تێگەیشتوو ، دەتوانی لە پێناوی بەرژەوەندی وڵاتەکەی سوود لە هەموو کەسێکی شارەزا وەربگرێت و گوێ نەداتە ئینتیمای حیزبیایەتی.

**پێنجەم...ئەمریکای دیموکراسی** ...ئەمن لە سوید دەژیم بۆیە گاڵتە بە دیموکراسیەتی ئەمریکا دەکەم ،ئەگەرنا نەدەبوایە ڕۆژهەڵاتی یەکی وەکو من باسی دیموکراتیەتی ئەمریکا بکات .حکومەتی ئەمریکا لێکۆڵینەوە و پشکنینی دەست پێکردووە دەربارەی دەرهێنەری[ریژیسۆر] بەناوبانگ {میشیل مۆڕ}. ئەو دەرهێنەرە چوو بووە کوبا بۆ ئەوەی فلیمێک دەربارەی سیستەمی تەندروستی ئەمریکا دەربهێنی ،مۆڕ لە فلیمی دوایی پەیوەندی خێزانداری کوڕی لادن و بۆشی پێکەوە نووساندبوو یا باشترە بڵێم لێکی نزیک کردبونەوە.بێگومان ئەو کارە ببووە دڵئێشی و دڵگرانی دامودەزگای جۆرج بۆشی سەرۆک ئەمریکای هەنووکە

به تایبەتی پاش کارەساتی یازدەی سێپتەمبەر.مۆر لەناو خەڵکی دژی شەڕ خۆشەویستە و لەناو شەڕکەران و شەڕخوازان بە غەیرەنیشتمان[خائن] پەروەر دەژمێردرێت .کۆبا بۆ ئەمریکا درکێکە و جارجارە لەچاوی دەچەقێت و نایەوێت بەباشی باسی بکرێت .کوباش لەباری تەندروستی و خزمەتگوزاری پلەی یەکەمە و چۆن شەکر روانەی دەرەوە دەکات ئاواش پیشەی پزیشکی[دکتۆری] روانەی جیهان دەکات ،بەتایبەت وولاتانی هەژار و تازە پێگەیشتوو. لە هەموو ولاتانی هەژار دکتۆری کۆبی کاردەکەن و یارمەتی نەخۆشان دەدەن .لە ئەمریکاش چارەسەری دکتۆری ئەوەندە گرانە دەبێت گەلێک دۆلارداربیت هەتا لە ئەمریکا چارەسەرت دەکرێت. لە پیرە هەولێرێ ،لە حەفتاکان کاتێک نەخۆشخانەی قوتابیان[خوێندکاران] بەرامبەر سینەمای سەلاحەددین بوو ، جارەک بۆ ئازمایش چوومە ئەوێ و بۆ ئێمەی قوتابی بە ناسنامەی قوتابیان بە خۆڕایی بوو.دکتۆرەکەی ئازمایشی کردم کوبی یەکی رەشئەسمەر بوو بە شڕە ئینگلیزی و بە شڕە عارەبی و کوردی لەیەکتر گەیشتین کە ئازارەکانی لەشم چین .لەوکاتەش چونکە گیڤارا و کاسترۆ و سۆڤیەت پەرست بووم [بیری نوێ و طریق الشعب]م نیشان دەدا هەتا بزانێت ئەمنیش شیوعیم. بە خوێندکارانم دەگووت دکتۆرەکی [ئەوەلبابە] ، وام دەزانی ئەویش شیوعی عەیار بیستوچوارە . دەمزانی لە کوبا حیزبی شیوعی حاکمدارە و کاسترۆ سەرۆکە شۆڕشگێرەکەیەتی و بە قوتابییانم دەگووت ، ئەو دکتۆرەی بۆ خزمەتکردنی ئێمە رەوانە کردووە .ئەو سیوئەوەندە ساڵە دکتۆری کۆبی گەیشتبووە پیرەهەولێرێ و خەڵکی کوردی چاکدەکردەوە ،دەبێ ئێستاکە ئەو خەڵکەی بەدەستی پزیشکانی کوبی چاک دەبنەوە چەند بن .ئەو دورگەیە هەژارە کەوتۆتە ئەوبەری ئاوی ئەمریکا و بۆ ئەمریکا بووە بە گرێ ی سەردڵ .کاسترۆش لەگەڵ مردن زۆرانبازێ دەکات و هەتا ئەمرۆکە مردن هەر دۆڕاو بووە و نەیتوانیووە بەسەری زاڵ بێت . پاش مردنی کاسترۆش ئەو وڵاتە کە ناوی کوبا یە هەر دەمێنێ و خەڵکیش بۆ گەشتوگوزار تێیدا هەر دەحەسێتەوە. ئەمریکاش مۆڕ دەخاتە ژێر چاودێری و نایەوێت پڕوپاگەندە بۆ کاسترۆ و کوبا بکات بۆیە دیموکراسیانە رەقابەی دەخاتە سەر .

شەشەم...رۆژژمێرەکانی ئانا نیکۆڵ سمیث...پاش ئەوەی هەواڵی مردنی ئانا بلاوبۆوە ، یەکسەر خەڵکی بە پەرۆشەوە بوون بۆ ئەوەی بزانن هۆیە سەرەکییەکانی ئەو مردنە چی یە. یا باوکی کچە ساوایەکەی کە ناوی [دانیالینا] یە کێ یە.ئەو رۆژژمێرانە ، یادگاری شیرین و ناخۆشی رۆژانەی تێدا تۆمارکراوە . ئەو ژانانە هەندێکیان قورسن و ئەو یادگاریانەی تۆمارکراوە دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی 1992 ـ 1994 ، باسی ئەو کاتانەشی تۆمارکردووە کە لە هۆلیوود بووە.ئەو رۆژژمێرانە بە[ 3،6 ]سێ ملیون و شەش سەد هەزار کرۆنی سویدی فرۆشراوە.ئەو رۆژژمێرانە لەلایەن دراوسێی ئانا لە شاری [باهاماس] دۆزراوەتەوە و لەگەڵ مۆڵەتی لێخورین[ئیجازەی سایقی] . لەو یادگاریانە باسی ئەوەشی تێدایە کە کامە جۆری دەرمان و حەب دەخوات و رۆژانە چۆنیان بەکار دەهێنێت .لە لاپەڕەیەکی رۆژگارەکانی دا دەربارەی سێکس[جنس] نووسیوویەتی {رقم لە پیاوە، چونکە بەدایم داوای سێکس[رابواردن] دەکەن،من ڤیزم لە سێکسە}. هەر لەو نووسسینانەش بە دیاری خستووە کە یەکێک لە دۆستە کورەکانی فێری کردووە کە حەبی خەوتن و حەبی هێورکەرەوە بخوات .ئەو نووسینانە لە رۆژی 1995/8/4 کۆتاییان پێدێت کە مێردەپیرەکەی هاوارد مرد. رەنگە لەماوەیەکی تر لاپەڕەکانی تر ئەگەر تۆمار کرابێت ، بکەوێتە سەر لاپەرەی رۆژنامە و گۆڤارەکان و بە پارەیەکی خەیاڵیش بێتە فرۆشتن .

حەفتەم... سەرۆکی پارتی گەلی دانیمارک...پیە شاسگارد [1947/2/23] دەیەوێت چەفیە[لەچەک] و حیجاب قەدەغە بکات. جیاوازی نی یە لە نێوان لەچەک و بورکە[ئەوەی کە هەر کونەچاویان دیارە] ، ئەوە زەنگێکی چەوساندنەوەیە و نابێت ئێمە قەبووڵی بکەین ، بۆ رادیۆی دانیمارک پیەی سەرۆکی پارتی گەلی دانیمارک وای گووت . ئەمە تەنها موسڵمانەکان دەگرێتەوە و با یەهوددی یەکان هەر [کالوتەر] دابنێن . ئەو دەیەوێت لە قوتابخانە و لە هەندێک شوێنی دیاریکراو قەدەغەی بکات .چۆن بتوانن ئەو یاسایە پەیرەوبکەن لە وەڵامدا گووتی لە قوتابخانەوە دەتوانین دەست پێبکەین . دیارە فەرەنسا دەستی بە قەدەغەکردنی ئەو سیمبۆڵە ئایینیانە کرد ،بەڵام هەموو شێوەکان نەک هەر حیجابی موسڵمانان .

فەهد گردەوانی2007/5/28ستۆکهۆلم